# Karikater 18 کاریکاتێر

سەرنووسەر: سەردار عەبدوڵلا...جێگرەکەی: ڕێناس عارف

بڵاوکراوەیەکی گاڵتەئامێزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

ژمارە 18دیسەمبەری 2006



## ساڵی نوێتان پیرۆز!

*بە ئومێدی نەمانی گەندەڵی و ئیرهاب!

* بەئومێدی لابردنی موەلیدەکان!

* بە هیوای پڕکردنەوەی چاڵ و نەمانی تاسەکان!

*بەو ئومێدەی کە بابانۆئێلەکانی ئەم ساڵ وەک ساڵانی پێشوو لە سەهۆڵەکە یەکتر بەر شەق نەیەنەوە!










## لەم ژمارەیەدا:

* موعافزی هەولێر گوێدرێژەکانی ناوچەکەی خەنی کرد!
* مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆی ئەبوجەهل
* دەرزەنێک لە بڕگەکانی دەستووری حکومەتی هەرێم
* باوکەڕۆ تڕیام
* چامە شیعری ئای گڵۆپ کەداماوی
* هەڵبژاردنی ئەمجارە
* بورجی تیر و کەوان

وێب سایت: www.karikater.tk
ww.gocities.com/karikater
ئی مەیل: sardar@telia.com
karikater@yahoo.co.uk

# موعافزی هەولێر گوێدرێژەکانی ناوچەکەی خەنی کرد!

پاشی سکاڵا و سنگدادڕین و قورحان بەرزکردنەوە لە حکومەتی هەرێمی هەولێر، لە لایەن خەڵکی گوندی **سەرکەمحەیرانەوە**، لە پەیوەند بەخراپبوونی موزەخەی ئاوەکەیان، موعافزی هەولێر بە پەلە و بێ دواکەوتن بە فەوری تەنیا پاشی شەش مانگ موزەخەیەکی ئاوی باراناوی گەیاندە ئەو گووندە.

لەم هەنگاوە بە پێزەدا نەک تەنیا خەڵکی ئاوایی بەڵکو گوێدرێژەکانیش حەسانەوە، لەو پەیوەندەدا کە گوێدرێژێک کە مۆری (المیاه وصالح للشرب)ی لە شەڵتەکەی درابوو لەبەردەم دەزگاکانی راگەیاندندا عومردرێژی بۆ موعافزی خواست و گووتی: ئەو موزەخەیە هەموومانی خەنی کرد، بڕواتان بێت ئاوکێشان هەموومانی تووشی فەقەرات کرد، ئێوە خۆتان خەنە شوێنی ئێمە، شەش مانگ ئاوکێشان کەم نییە! بەتەنکەرەکانی شارەوانیش ناکرێ! جا بۆیە ئێمە گوێدرێژە خەساو وحەساوەکانی ناوچەکە، پەیمان تازەدەکەینەوە کە لەمەودوا تەنیا دەنگ بە پارتەکەی موعافزی بدەین لە بری حیزبی کەرگەلی کوردستان!









پاش٦ مانگ، خراپبوونی موزەخەی ئاوی گوندی (سەرکەمحەیران) موحافزی هەولێر بڕیاری چاککردنەوەی دا ! دنیا کۆڕایە !!

هونەرو وێژەی کوردی، یەکگرتن و برایەتی.






# Reklam ریکلام



وەزارەتی تەربییە و تەحلیم ئاگاداری هەموو مامۆستیان دەکات بەخێرایی خۆیان ناونوس بکەن لە دەورەی کوتەککاری، بیـرازکردن، کەلەوەشاندن، پاشقولگرتن، لەقەوەشاندن ونوقورچ و سیخورمەگرتن چونکە ئەم خولە کۆمەکی مامۆستایانی دڵسۆز دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناییەکانیان لە پێناو پەروەردەکردنێکی خۆماڵی و خێلەکی قوتابییانی خۆشەویستدا!

خۆدزینەوەی هەر مامۆستایەک لەم خولە پیرۆزە مانای بێدەربەستی دێت لە بەرانبەر رۆڵەکانی داهاتوودا، هەربۆیە خوێنی خۆتان لەسەر خۆتان، نەڵێن بۆ دەرکراین، نەڵێن بایەعییەکەمان کوا؟



**مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆی ئەبوجەهل.**

0- هیچ ساڵێک بە یەکەم، دووەم یاخود سێهەم دەرنەچووبێت.
1- دوو ساڵی بەساڵێک بڕیبێت.
2- هەمیشە ناوی لە لیستی زۆرهاردا هاتبێت.
3- لایەنی کەم ساڵی جارێک لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا بە قۆپییەوە گیرابێت.
4- تاقەتی خوێندنی دەرسی پێنجەم و شەشەمی نەبووبێت.
5- دەرەجەی سلوکی لێشکابێت.
6- مێشکی kay تێا بێت.
7- واستەی هەبێت.
8- کەسایەتیەکی قورس و سەلیمی هەبێت.
9- لانیکەم بیرازی مامۆستایەکی کردبێت.
10-جەدوەلی زەربی لەبەرنەبێت.
11-نەڵێت دەستمان کورتە.




کاریکاتێر Karikater



باوکەڕۆ..تڕیام



ئاگاداری




وەزارەتی کاروباری فایلداری داوا لە خان و خاوەن گوێدرێژە نیشتمان پەروەرەکان دەکات کە چەند گوێدرێژێکی شەش سلندەری دەبڵ ئەکسلیان بۆپەیدابکەن ، بۆ گواستنەوەی فایلی چەند خۆرییەکی نیشتمانپەروەر، بۆ شوێنێکی ئەمین و ئەمان! تاکو ئەو کاتەی ناسای کوردی دادەمەزرێ تەواوی ئەوچەند تەن فایلە دەگوێزاێتەوە بۆ سەر مانگ یاخود مەریخ!




## ئاگاداری

بسمه تعالی.
مەلەفێکی سەوزی رابیتە دۆزراوەتەوە خێرتان ئەگات موسڵمانێک، ئیماندارێک بێت و ئەو مەلەفە کە بەقەد کەشیی تازە حاجییەک ئەستوورە ،بباتەوە بۆ مقەرێک یاخود مەشجەبێکیان!



جەژنی قوربان لە هەموولایەك پیرۆزبێت!






### دەرزەنێک لە برگەکانی دەستووری حکومەتی هەرێم

یەکەم: کوردستانی عێراق هەروەک بەناوەکەی خۆیدا دیارە؛ بەشێکی دانەبڕاوە لە نیشتمانی عەرەبی و ئیسلامی.
باسکردن لە جیابوونەوە پێچەوانەی دەستوورە، مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا پۆستی چەوری تێدایە لە بەغداد کە

دووەم: مێژووی بەئیسلام بوونی خەڵکی کوردستان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەم هویە پێویستە خەڵکی کوردستان سەریان بچێ نوێژیان نەچێ، لانی کەم پێویستە لە ماوەی تەمەنیاندا حەجێک و عەمرەیەکیش بکەن!

سێیەم: ئاینی ئیسلام و پەندی پێشینان دوو بنچینەی سەرەکی یاسادانانن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا!

چوارەم: سەبارەت بە ژنهێنان: ژنی یەکەم فەرزە؛ دووەم سونەتە، سێیەمیش دەمی مەلایەک چەورکە. لە کاتی بەئەنجامگەیاندنی پرۆسێسی مارەبەجاشیشدا پێویستە کۆندۆم بەکاربهێنرێت! سەرپێچی کەریش سزاکەی بەپێی یاسا رێکدەخرێت!

چوارەم: سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی خۆشەویستی خودان وپێویستە کەس قسە لە قسەیاندا نەکات، لەکاتی ناوهێنانیاندا پێویستە پاشگری (خوا دەست بەباڵیانەوەبگرێت) بەکاربهێنرێت!

پێنجەم: سیمبول و ئامراز و دەزگاکانی بزووتنەوەی کوردایەتی پیرۆزن؛ ئەوەی بەخراپ ناویان بهێنێت بەشێوەیەکی دیموقراتیانە تێلاترێن دەکرێت!

شەشەم: دایک وباوک پێویستە منداڵەکانیان بەخێو بکەن تا گەورەدەبن؛ پاشان بەپێچەوانەوە منداڵەکان دایک و باوکی پەککەوتەیان بەخێوبکەن؛ چونکە حکومەت ئیشی تری زۆرە و نابێت سەرقاڵی ئەم ئەرکە بچووکانە بێت!

حەوتەم: سۆرانی و بادینی، کەڵهوڕی، هەورامی، زازایی لەپاڵ زمانەکانی کلدانی، ئاشوری، یەزیدی، عەرەبی، تورکمانی؛ رەسمین و قوتابخانە و زانکۆیان بۆ دەکرێتەوە و پێویستە بیردۆزەکانی فیساگۆرس، ئەنیشتاین و ئەوانی تر بەخێرایی بۆ تەرجەمە ببرێت!

هەشتەم: سامانی گشتی لە هەرێمدا موڵکی حیزبەکانی نێو پەرلەمانە، ئەمەش بەپێ یاسای "ئۆخەی ئۆخی هەرکەس بۆ خۆی" رێک دەخرێن.

نۆیەم: راپرسی مافێکی رەوای هاوڵاتیانی کوردستانە، بەڵام مەرج نییە بە قسەیان بکرێت!

دەیەم: مافەکانی مرۆڤ پارێزراودەبێت و پێویستە لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە بە شێوەیەکی نهێنی چاودێری بکرێت!

یانزە: هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی هەیە، کە رۆژێکی گەورەی تێدایە؛ لەکاتی نەبوونی کارەبا بۆ روناککردنەوە و و لەکاتی نەبوونی نەوت بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاردەهێنرێت!

دوانزە: هەرێمی کوردستان پشت بە سیستەمی ئابووری ئازاد دەبەستێت و هەربۆیە قوش نییە رێگا بە قۆرخکردن و چەوسانەوە بگرێت.















بەرهەمی
کاریکاتێری،
نوسین و
سەرنجەکانتان بۆ
کاریکاتێر بنێرن!






## هەڵبژاردنی ئەمجارە

لە پرۆسێسێکی دیموقراتیپیانە کە تەنیا نارنجۆک، کوتەک وچاوسورکرنەوە و تەلاقدانی تێدا بوو، هەڵبژاردنەکانی ڕێکخستنەکانی ی ن ک بەڕێوەچوو لە نێوان باڵی گەندەڵیست و ریفۆرمنەویستدا و لە ئاخیریشدا قەلفڕ بە باڵی ریفۆرمنەویست کرا! لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسووکار و ئەقربیا و دەرودراوسێ بەشداریانکرد، بەڵام ئەوەی شایەنی گووتنە ئەم هەڵبژاردنە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەنگی زوڵاڵی فەرهادی ئیزاعەکەی کەم بوو کە بەدەنگە پڵنگئاساکەی خەڵکی جۆشبدات، قسەی خۆمان بێت مەجالی نەبوو، لەگەڵ حاکم قایەر لە هەڵمەتێکی

شێرانەدا خەریکی تاپۆکردنی ریزێ دووکانی شارەوانی بوون!







دەست

توور











ئای گڵۆپ کە داماوی !

خەمبار و لێقەوماوی !


کەس نیە ڤۆڵتێکت باتێ

تا ئاهێ بە دڵتا بێ !

بۆش، لەهەر شوێن سوڵتان


بێ

نە پاتری ڤۆڵت دەبەخشێ



خەڵکیش وەک پێش نەدیسۆن

دەبێ، مۆم بسوتێنێ!









## بورجی تیر و کەوان

ئەوەی لە دایک بووی ئەم بوورجە بێت، عینادی و کەلەڕەقییەکەی کاری کۆتایە. زۆرخۆرەو حەزی لە کەباب، تکە و قەرەخەرمانە بەڵام بەهۆی تووڕەیی و کەللەشەقییەوە کێشی زیادناکات. حەزی لە رۆشنبیریە بەڵام تاقەتی خوێندنەوەی نییە. رقی لەکاری ناوماڵە و پێویستە داری لەسەربێت تا کارێک ئەنجامدات. دڵساف و خێرەومەندە بەڵام حەزدەکات کوێرایی دابێت بەڵام فەقیرێک نەبینێت. خۆشترین رۆژلای پێنج شەممانە چونکە نیودەوامە و مەجالی خۆدزینەوەی تێدایە..

